**پاشماوەی زانستی سیاسەت و دەروونناسی**

تویژەرەوانی سیاسی ئێستاکە بەیارمەتی دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە رامان و بیرکردنەوەی گشتی و رەفتاری هەڵبژرادنەکان دەکۆڵننەوەو دەتوانن هەڵکش و داکشی (نوسان اونگ) هەڵبژرادنەکانی داهاتوو روون بکەنەوە و تەنانەت پێشبینیشیان بکەن، هەروەها دەتوانن لە ئەگەری هەڵوێستی وڵاتیان سەبارەت بەرەوشی یاسایی داهاتوویش بکۆڵنەوە. دەتوانن دەربارەی سەرکەوتنی سیاسی ئەو قۆناغە راو بۆ چوونیان هەبێت، و هەندێ دەربارەی ئەو بارودۆخە بدوێن تاکو وڵاتیان لە قازانج و دەرئەنجامەکانی ئەو ئاگا ببنەوە.

ئەم لێکۆڵینەوانە پیشان دەدەن کە هاوڵاتیان بێ ئاگا، چاوپۆشیکەر و دوورە پەرێز، مەترسیەکی گەورە دەخەنە سەر رەوشی دیموکراسی. ئەم جۆرە کەسانە، بەتوندی دەکەونە ژێر کاریگەری هەست، سۆزو هاندەرە ناعەقڵانیەکانەوە. لێکۆڵینەوە دەرون ناسینەکانی (روانشناختی) زانستی سیاسەت پیشان دەدات کە راگەیاندە پەروەردەییە بەردەوامەکان، چۆن دەکرێ هاندەرو لاوازیەکانی بەشەری مەرجی (بشر شرطی) سوودی لێ وەربگیردرێ. هەروەها، ئەم توێژینەوەو بەدواداچوونە پیشان دەدەن کە دەتوانرێ بزوێنەرو هاندەرەکان بەچی شێوەیەک راستەرێ بکرێن. هاندەرەکان، هەمان شمشێری دوو دەمن، کە دەشێ هەم لەرێگای دروست کردن و سازدان بەکاربێن، و هەمیش لەرێگای کاوڵکاری و دارماندندا. سیاسەتناسان سوپاسی دەروونناسانی کۆمەڵایەتی دەکەن، لەمەڕ پێدانی ئەم جۆرە پێش بینیانە

# زانستی سیاسەت و بەشە هاوپەیوەندیەکانی

وەرگێڕانی: ئەمیری حاجی محەمەد

بەشی پێنجەم

سەبارەت بەکاری زەینی بەشەرو رەفتاری ئەو کە کاریگەری لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هەیە، و ئومێدەوارن لەئاکامی باش بوون و پێشکەوتن لەتێگەیشتینی هەڵسووکەوتی بەشەر، زانستی سیاسەت راستەرێتی وا واقعی خوازتر بێت.

دەبێ بەسنووردارێتیەکانی دەروونناسی و ڕێبازی دەرون ناسینیش ئاماژە بکرێت. (مۆریس گینسبرگ) وریا دەکاتەوە کە گومرایی دەبێ ئەگەر وەها بیربکرێتەوە کە ئێستاکە زانستی کەسایەتی و هەڵسووکەوتی بەشەر (کەوتوەتە ژێر رکێفی ئێمە) ئێمە بەتوانا دەکات، کەسەبارەت بە ئەوە ؛لەرێگای هەوڵ و کۆششی مرپڤەوە بەدەست دێت یان نە بەدڵنیاییەوە بدوێین. هێشتا لەقۆناغی ساواییدایەوە رەنگە بەدژواری بتوانین گشتاندنی بخەینە بواری پراکتیکەوە. (رابسون) یش ئاشکرای دەکات کە هەنووکە، دەروونناسی کۆمەڵایەتی زەمینەیەکی مکۆمی یەتۆی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دڵنیاکەرەوەو رێک و پێک سەرکەوتوو نەبووە،و ناتوانێ بیردۆزەکانی هەڵسوکەوتی سیاسی یان مەیدانێ لە بیرۆکە گشتیەکاندا لەسەر ئەو زانستە بەتەواوی جێبەجێ بکات. ئاسەوارەکانی فرۆیدو جێگرەکانی، (یونگ) و (پیرواش)تێگەیشتنی ئێمەی لەزەین و هۆشی بەشەر گۆڕاند، شی کردنەوەی دەرون ناسین لەسەر پێشکەوتنەکانی شۆڕشی (دەرمان پزیشکی) کاریگەری هەبووە، بەڵام کاریگەری کەمی لەسەر زانستی سیاسەت هەبووە. بە بەروای (کاتلین)، کۆمەک خواستنی زانستی سیاسەت لەدەروونناسی کۆمەڵایەتی دەبێ هەڵبژاردەیی بێت و تەنیا دەبێ (ئەو دەرئەنجامانە لە دەروونناسی کۆمەڵایەتی وەرگرێ کە بۆ خویاکردنی هەندێ کێشەو ئاڵۆزکاری یارمەتی دەری زانستی سیاسەت بێ)

**D_ زانستی سیاسەت و مافە گشتیەکان**

لەدەهەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڵ نووسراوەکانی (بورگرس) و (گۆدنۆ)دا زانستی سیاسەت وەک بەشی زانستی دیاری کراو لە ئەمریکادا وە دەرکەوت. لەوە بەدواوە لێکۆڵینەوە لەسەر حکومەت، بوو بە بەرنامەی دەرسی ماف و بەرێوەبەرایەتی کاروباری گشتی لەخۆگرت، بەڵام ئەم حاڵەتە تا دەهەی ١٩٣٠ شێوەیەکیدی بەخۆوە بینی و مافی گشتی وەک بابەتێکی بەفەرمی کراو لەزانستی سیاسەت دوور خرایەوە.

سەرەرای ئەمەش کەم نین سیاسەتناسانێ کە گەرنگی بە بابەتەکانی مافی لەزانستی سیاسەتدا دەدەن. سیاستەمی سیاسی وڵاتان ناتوانرێ بەبێ ئاگا بوون لە دەستووری ئەوانە بناسرێن، بەرێوەبەرایەتی کاروباری گشتی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی مافی بەرێوەبردنە، و مافی نێودەوڵەتی بەشێکی گرنگ لە لێکۆڵینەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی پێک دێنێ، زێدەتر لەوەش لە سیاسەتناسان سیستەمی دادوەریش بە بەشێک لە حکومەت دەزانن. لە لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسیەکاندا رێچکەو رێبازە مافیەکانیش هەیە.

بۆیە، بوونی دەرسەگەلێک سەبارەت بەپایەو بنەمای داد یان زانست و فەلسەفەی ماف لەزانستی سیاسەتدا پێویستە. بابەتەکانی زانستی سیاسەت و ماف بەتەواوی پێکەوە گرێدراون. لەم سەردەمەدا، ماف و حکومەت لەراستیدا ( چەمک گەلێکی جودایی هەڵنەگرن و هەموو دامەزراوەکان یەک لایەنی مافی و یەکێ سیاسیان هەیە) لێکۆڵینەوەکانی (هانس کلسۆن) ماف زانانی دیکە لەبارەی چەمکی حوکمرانی سیاسەت ناسانی بەهێز کرد ئیتر سەبارەت بەحوکمرانی پێش دادوەری (پیشداوری) یان حەکەمیەت نەکەن. پرسی پەیوەند بە شوێنی پەیدا بوون و سەرچاوەی حوکمرانی یاساو چەمکانێ وەک ماف و ئەرکەم بەو ئەندازەیە پەیوەندی بە بیردۆزی سیاسەتەوە هەیە، ئەوەندەش بەمافی دادوەری و گشتیەوە هەیە. بەڵام دەبێ لە بەرفراوان بوونی مەیدان و مەودای توێژینەوە مافیەکان لەسیاسەتدا بە پەرێزبین و ئەوەی تەنیا بەشێوەی ورد دروست پەیوەند بەزانستی سیاسەتەوەیە، دەست نیشان بکرێت. لەگەڵ ئەوەش کە لەزانستی سیاسەتدا باسی ماف زۆرە، بەڵام دەبێ ئەم باسانە مامۆستایانێ بیلێنەوە کە جیهان بینی و رۆحی زانستی سیاسەت بە تەواوی بزانێ. بەبێ ئاهوردانەوە بەخۆبەخشی مامۆستایان، ئەمەش کە بابەتێکی بە تەواوی پەیوەند بە مافی گشتیە، نابێتە لقێ لەزانستی سیاسەت.

**E_ زانستی سیاسەت و مەردم ناسی**

مەردم ناسی دەربارەی بەشە نەژادیەکان، تایبەتمەندی جەستەیی، دابەشکردنی جوگرافیایی، دەوروپشت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی کەلتووری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. زانستێکە لەبارەی گەشەی سروشتی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری مرۆڤ توێژینەوە دەکات. بەشی مەردم ناسی لەزانستی سیاسەتدا بەرچاوە. و توێژینەوە نوێکان یارمەتی دابەشکردنە نەژادیەکان، داب و نەریت و رێکخراوە مرۆیە سەرەتاییەکانی داوە تاکو شوێنی هەستان و بزواتنی دەوڵەت و تەکامل و گەشەی دامەزراوە سیاسیەکان بناسین.

سەردەمی، مەردم ناسی بەشێوەی گشتی و کەلێن دەربارەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان دەکۆڵێیەوە. ئەمرۆکە مەیدانەکەی بەرفراوان بووەو لێکۆڵینەوەی هەموو جۆرە کۆمەڵگەیەکی گرتووەتەبەر. زانیاری مەردم ناسی ماوەیەکی درێژ بۆ لێکۆڵینەوەی رەوش و شێوازی بەرێوەبەرایەتی ئیستعماری، ناسینی دژبەیەکە نەژادی و نەتەوییەکان، کۆچ کردن و کۆچەر وەرگرتن و هاوکاری رێکخراوە نێوە نەتەوەییەکان بە وڵاتانی رووەو گەش پێویست بوو. لەگەڵ پەیدابوونی وڵاتانی رووەو گەشەکردن گرنگی مەردم ناسیش زۆر بووەو، لێکۆڵینەوەی پێشنی سیاسەتناسان دەربارەی نوخبەکانی نەتەوە، ئستعمار خوازی، گەشی ناسینالیزم و سەر بەخۆ خوازی، سیاسەتەکانی حکومەت ناوەندی، مێژووی دامەزراوە مافیەکان، هەڵبژردنە نەتەوەیی و سیاسەتە حزبیەکان بوو و سیاسەتە خۆ جێیەکانیش بەشێوەی گشتی زۆر بە پەلە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا. توێژینەوەی قووڵ سەبارەت بە جۆرەی کە (لۆسین پای) دەڵێ لە سیستەمەلاندا گرووپی بچوکی نوخبەکان سەرچاوەو هۆکاری گۆڕانکاریە پایەدارەکانن و پێکهاتەی فەرمی حکومەتیش کۆنترۆڵ دەکەن، بەڵام ئەم حکومەتانە وێناگەردی دامەزراوەیی بوونینموونە کەلتووریە خۆجێییە کان نین، بەڵکو هاوردراوی دەرەکین.

**زانستی سیاسەت و مەردم ناسی ماویەتی.**

# شیعری کوردی و هەڵوێستەیەک

مامۆستا/ عەلی عەبدوڵا

ئەگەر ئێمە بەخێرایی ئاورێک لەمێژووی ئەدەبیاتی کوردی بدەینەوە، زۆر شتی جوان و بەپێزمان دێتەوە بەرچاو، و گەلێک بیرەوەری خۆش دێتەوە هزرمان. هەست دەکەین کە ئەدەبیاتی رابردوومان جێگەی شانازیە، بەتایبەتی لەرووی شیعرەوە کە زۆرێک لە کەڵە شاعیرەکانمان تائێستاش شیعرەکانیان هەرزیندووەو هەرگیز لەیاد ناچێ و هەمیشە لەگوێمان دەزرینگێتەوە. ئەگەر ئێمە لێرەدا بەراوردێک بکەین لەگەڵ شاعیرانی ئەمرۆ زۆر شتی جیاواز لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت، ئێمە دەتوانین لە هەموو روویێکەوە هەست بەو جیاوازیە بکەین، چونکە شیعری شاعیران بۆ نموونە، وەک ( نالی، مەحوی، دڵدار، هێمن، سالم، گۆران، ناری، کوردی، .....هتد) شیعرەکانیان بۆ خۆیان گوزارشتێکن لەهەست و سۆزو خۆشەویستی، نیشتمان پەروەری ئەستەمە بەتەنها جارێک لەگوێگرتن یاخود خوێندنەوەی بتوانین پێناسەێک بۆ شیعرەکانیان بکەین و بتوانین وەک پێویست هەڵیان بسەنگێنین و حەقی تەواو بەشیعرەکانیان بدەین، چونکە لەهەموو روویێکەوە حەقی تەواویان بەشیعرەکانیان داوەو لە هەموو لایەکەوە جوانی لێ ئەبینرێ و بەمانی وشە (شیعرن)، کەسیش ناتوانێ نکوڵی لەشاعیربوونیان بکات وەک ئێستا دەبین لەزۆرێک لە کۆڕە شیعریەکان گفتوگۆی لەسەر دەکرێ و بووتە جێگەی دیالۆگ لەناو مامۆستایانی زانکۆ، بەتایبەتی لەبەشی زمانی کوردی و زۆربەی خوێنکارانی زانکۆش سوودمەند بوون لەشیعرەکانیان وەهەروەها زۆرێک لەشاعیرانی ئێستا کاریگەری ئەوانیان لەسەرە شانازی بەوە دەکەن ئەگەر بتوانن، لەهەر روویێکەوە بێت لاسایی ئەوان بکەنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو شیعرانە لەسەردەمێکدا نووسراون هیچ پێشکەوتنێکی سەردەمیانە نەبووە، تابتوانن لەرێگەی پێشکەوتنەوە سوود لەنووسینی شیعرێک ببینن، بۆنموونە ئەوەی کەئێتسا بۆتە ئاسانکاری و سوود وەرگرتن بۆ خەڵکی وەکو ئێستا کە دەبینین کە وەک کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و مۆبایل و زۆرێک لەو ئامێرانەی کە ئێستا خەڵکی پێی سوود مەند بوون. کەچی ئەوان لە هەموو ئەو پێشکەتنانە بێ بەشبوون. لێرەدا دەتوانین ئەو بەراوردە بخەینەروو کە هەموومان هەستی پێدەکەین کە ئێستا کۆمەڵێک گەنجی نەشارەزا لەرووی زمانەوانی و لەرووی نووسینی شیعرەوە بەبێ هیچ بنەمایەک دەستیان داوەتە نووسینی شیعرو، بەبێ ئەوەی بزانن کە شیعر پەیامێکی پیرۆزەو نابێ ئاوەها سووک بکرێ، ئەگەر بەهەر شوێنێکدا برۆیت کۆمەڵێک کتێبی بەناو شیعری دەبینیت و هەست دەکەیت کە ئەمە هەموو شتێکە تەنیا شیعر نیە، بەتابەتی ئەو کتێب فرۆشانەی بەردەرکی سەرا، ئەگەر بەوردی سەرنجیان بدەیت، دەبینیت چەندین کتێبی شیعری بڵاوبۆتەوە هەریەکەو وێنەی کچێکی لەسەرە لەگەڵ ناونیشانێکی بێ ماندا کەچەندین کەسیان پێ خەڵەتاندووە، بەناوی ئەوەی کە گوایە ئەمە شیعرە پێیان فرۆشتوون. سەیر لەوەدایە کە نەک هەر شیعر بەڵکو هەمویان بوونەتە رۆماننووس و بەبێ هیچ دوو دڵی یەک بڵاوی دەکەنەوەو کەسیش رێگریان لێناکات، لەگەڵ هەر بێ تاقەت بوونێکیاندا، بەبێ ئەوەی هیلاک بن کتێبێک بڵاو دەکەنەوەو نرخیشی لەسەر دیاری دەکەن، چونکە بەلای خۆیانەوە ئەوە گەیشتنە بەلووتکە، ئەو جیاوازیە لێرەوە هەستی پێ دەکرێت، کەلەو سەردەمەداو لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە، ناتوانن بەهەر هەموویان دێڕێکی شیعری بنووسن و شیاوی ئەوە بێت کە خەڵکی گوێی لێبگرێت. بەڵام ئەوەی کە لەلای من زۆر سەیرە ئەوەیە تاکو ئێستا چەندین کەس لەو گەنجانەی کەنازناوی شاعیریان بۆ خۆیان داناوە، لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە هاوکاری کروان بۆ ئەوەی بتوانێ نامیلکەیەکی سەقەتی شیعری بڵاوبکاتەوە.. دەبوایە وەزارەتی رۆشنبیری بەر لەهەموو شتێک کە پێویستە دابنرێ ئەویش، لیژنەیەکی پێکبهێنایە بۆ ئەو کەسانەی کەهیچ تەجروبەیێکیان نیە لەسەر نووسینی شیعری و نووسی رۆمان، بڵاو کراوەکانی دیکە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ئەو دیارییە جوانەی کە بۆمان ماوەتەوە، وەکو شیعری کەڵە شاعیرەکان با هەر بەو ئاواتەوە بژین کە ئەوان ماون و ئێستا لەو سەردەمە لەگەڵ ئێمەدا دەژین،

من لێرە دەمەوێت ئەوە بڵێم، کەمن مەبەستم رووخاندنی ئەو گەنجانە نیە بەڵام وا پێویست دەکات کە هەڵوێستەیەک لەسەر ئەو شیعرانە بکرێت، بۆئەوەی بزانین ئێمەی کورد لەرووی ئەدبایتەوە لەزۆربەی میللەتانی دنیا دەوڵەمەند ترین و نابێ لەسەر دەمێکی ئاوا پێشکەوتوودا خۆمان بەدەستی خۆمان بەها جوانەکانی شیعری کوردی کەمبکەینەوە، بەرەوو وێرانبوونی ئەدبیاتی کوردی بچین، تەنها دەسکەوتی ماددی جێگەی هەموو شتە جوانەکان بگرێتەوە، کە ئێستا زۆرێک خەریکن لەرێگەی نووسینی شیعرو بڵاوکردنەوەی نامیلکەی شیعری، هەندێ بڵاو کراوەتر پارەیەکی باش پەیدا دەکەن و بیر لەوە ناکەنەوە کە پێشکەوتنی فەرهەنگی کوردی تاکە ئاواتێکە کە چەندین رۆشنبیربۆتە قوربانی لەپێناوی، ئەو فەرهەنگە پیرۆزەدا.

دەروونی دونیا

## عەولەمە و عەشیرەت

عەشیرەت لەپێک هاتەیەکی هەرە سەرەتایی و کۆنی کۆمەڵگەیە، زۆر بڕوای بە توندو تیژی و بەکارهێنانی هێزە لەچارەسەرکردن و ساغ کردنەوەی مەسەلەکان، لەکاتێکا ئەگەر بەرژەوەندیەکانی کەوتە بەر مەترسی، عەشیرەت لەدنیای سیاسەت و رۆشنبیری گشتی دا زۆر دژایەتی دەکرێ و بەبنەمای ئاژاوەگێری و دواکەوتنی کۆمەڵگە دادەنرێ، هەروەها رێگرێکی پڕ مەترسییە لەبەردەم دنیای مەدەنیەت و خۆشگوزەرانیدا. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، دنیای کرد بە ناوچەیەکی بچووک و خەڵکەکان زۆر لەنزیکەوە ئاگاداری یەکترن و هەڵسوکەوتیکانیان لەیەکتر وون نابێ. بەواتایەکی دیکە (عەولەمە) ناهێڵێ شتی پەنهان و شاراوە بمێنێتەوەو ئاشکرای دەکات. فەیلەسوفی ئەمریکی ( فۆکۆیاما)ی بەرەگەز یابانی لەدوای شکستی بلۆکی رۆژهەڵات ئیدعای بۆ جیهانێکی نوێ کرد لەژێر سایەو سێبەری سیاسەتی ئەمریکاو وای دانا ئەم دیموکراتییەی ئەمریکا (دوا قۆناغی) مێژووە و دەبێ دەوڵەتانی دنیا بێنە ژێر ئەم بارە.. بەپێی بۆچوونەکانی ئەو پیاوە کە (دوای لێی پەشیمان بووەوە) چیتر وڵاتێک یان جەمسەرێک نییە بتوانێ ببێتە رێگر لەبەردەم ئەمریکا. بەڵام مەرج نییە هەرچی فەیلەسوفێک بیڵێ ئیتر راست بێ و هەڵەی تیا نەبێ،. دەیان فەیلەسوف هەڵەی گەورە گەورەیان کردووەو لێی پەشیمان بوونەتەوە ئەمریکا لەدوای جەنگی سارد زۆر بە لەخۆباییەوە دەستی دایەوە بەزیندوو کردنەوەی سیاسەتی ئیستعماری بەڵام بەشێوەیەکی نوێ، واشی دانا کە سەرکەوتوو دەبێ لە کارەکەیدا و ئیتر هەر خۆی بکوژو ببڕ دەبێ، سەرەتا لەئەفغانستانی بێ کەس و بێ ئابووری و بێ دارایی دەستی پێ کرد. کارەکەشی باش مەیسەربوو. دوای ئەوە هاتە سەر عێراق و حکومەتی بەعسی رووخان، بەڵام ئەمەیانی بۆ نەچووە سەرو تووشی تەنگەژەیەکی زۆر گەرەوبوو کەئێستا نەدەتوانێ تیایدا سەرکەوتووبێ و نەدەتشتوانێ تیای دەرچێ، دەیان نەخشەو پلانی سەربازی جۆراوجۆری تاقیکردەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی رەوشەکە بەڵام بێ سوود بوو، لە ( ١٨) پارێزگا تائێستا جگە لەهەرێمی کوردستان کە ئەویش ئازایەتی کورد خۆیەتی هیچ شوێنێ لەعێراق ئارام نییە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەمریکا ئەو تاقە زلهێزو ئەو کاریزمەیە نییە کەباس دەکرێ. وڵاتی ئەمریکا چونکە لەسەر بنەمای قۆناغەکانی مرۆڤایەتی گەشەی نەکردووە دروست نەبووە، نازانێ مامەڵە لەگەڵ عەشیرەت بکات و دەیەوێ وەکو پیلانێکی نوێ عەرەبە سوننەکان پڕ چەک بکا وەکو تەرازوویەک بەرامبەر ئێران و شیعە. بەڵام ئەم کارەش وەکو ئەوانی دیکە بێ سودو بێ ئەنجام دەبێ بەمسۆگەری، چونکە هەموو چەکدارێک کردنێک ئاژاوەو شەڕی نوێی لەدوایە بەتایبەتیش رەنگە ئەمجارەیان پریشکی شەڕەکە نزیک کوردو کەرکوک بکەوێتەوە. کەواتە عەولەمەی ئەمریکی بیروباوەڕی عەشیرەت لەیەک خاڵدا کۆکن کە ئەویش (شەڕ)ە لەپێناوی سەرکەوتن.